# شەماڵی عەبەڕەش لە زنجیرە درامای بەناوبانگی ئینگلیزی ( Casualty ) کە تەلەفزیۆنی BBC 1 بەریتانی بەرهەمی ئەهێنێت



**ڤینۆس فایەق / هۆڵەندا**

رۆژی **18**ی نۆڤەمبەری **2006** سەعات **21:45**ی شەو بە کاتی ئەوروپا ، لە تەلەفزیۆنی BBC 1 زنجیرە درامایەک بەناونیشانی ( Casualty ) واتا (کارەسات) بە زمانی ئینکلیزی کە هونەرمەندی ناسراوی کورد (شەماڵی عەبەرەش رۆڵی پاڵەوانی تیا ئەبینێت ..

شایانی باسە ئەم زنجیرە درامایە ماوەی **20** ساڵە لە تەلەفزێرنی BBC 1ی بەریتانی بەردەوامە ، و چەندین هونەرمەندی تەلەفزیۆنی و سینەمایی بەناوبانگی بەریتانی و جیهانی بەشداریان تیا کردووە ..

شایەنی باسە چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەم هونەرمەندە کوردە بۆ رۆڵ بینین لەم زنجیرە تەلەفزیۆنە بەناوبانگە بەریتانیەدا ئەگەڕێتەوە بۆ سایتی ( Spotlight )ی سینەمایی بەناوبانگ لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کە ماوە ساڵێکە لاپەڕەیەکی پێبەخشراوە وەک هونەرمەندێکی ناسراو و چالاکی کورد..

بێگومان پاش تاقیکردنەوە و چاوپێکەوتن بڕیاردراوە ئەو رۆڵە ببینێت..

دەرهێنەری ئەو کۆمەڵە زنجیرەیەی شەماڵی عەبەڕەش رۆڵی سەرەکی تیا ئەبینێت لە دەرهێنانی دەرهێنەری بەریتانی بەناوبانگ ( Ben Morris ) کە یەکێکە لە دەرهێنەرە هەربەناوبانگە بەریتانی و جیهانیەکان لە بواری دەرهێنانی سینەمایی و تەلەفزیۆنیدا ، بە شەماڵی وتووە: زۆر خۆشحاڵبووم و شەرف بوو بۆ من ئەکتەرێکی کوردی ناسراوی وەکوو تۆ بەشداری کرد وەکوو میوانی پاڵەوان لە ئەڵقەکانما ، هەروەها وتوویەتی بەڵێن بێت ئەمە یەکەمین و دوا کارکردنمان نابێت بەیەکەوە.!!!



ئەوە بۆ خۆی دانپیانانی دەرهێنەرێکی وا گەورەیە بۆ هونەرمەندێکی کورد کە لە توانایدایە بەشداری بکات لە کاری گەورە و جیهانیدا...
زنجیرە درامای ( CASUALTY) کە هەر کۆمەڵە زنجیرەیەکی لە دەرهێنانی یەکێک لە دەرهێنەرە بەناوبانگەکانی بەریتانیایە ، ئەم کۆمەڵە زنجیرەیەی کە باسەکەی سەبارەت بە کورد ئەڕوات ، کۆمەڵێک ئەکتەری بەناوبانگی تری بەریتانی و ئوستورالی بەشداری تیا ئەکەن ، وەکوو: جێیمس ڕێدمۆند ، سام گێری ، سۆزان کوکسن ، جیراڵد کید ، ئێلیس گابێل..
ئەڵقەی رۆژی 18ی نۆڤەمبەری داهاتوو باسی کورد دەکات ، کە چۆن پاڵیان پێوەدەنرێت ولاٌتی خۆیان بەجێبهێڵن و روو لە چارەنووسی نادیاریان بکەن لە هەندەران ، هەتا ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان لە کوشتن و برین رزگار بکەن ، شەماڵیش رۆڵی یەکێک لە هەڵهاتووە کوردەکان دەبینێت ، وەک میوانی ئەڵقە ، چونکە هەر کۆمەڵە ئەڵقەیەک باس و بەسەرهاتەکە پەیوەندی هەیە بە ئەکتەری میوانی ئەڵقە..

